بەکورتی39: شێتیی.. شت ناتوانێت بفەلسەفێنێت.. ئازاد حەمە

پرسی شێتیی Madness/ Insanity پرسێکی فەلسەفییە یان پزیشکییە(پزیشکییدەروونی)؟پرسی شێتیی بە درێژایی مێژوو بە شێوازی جیاوجیار لێکدراوەتەوە؛ فەلسەفە شێتیی وەک تەحەدایەک بە عەقڵ خستووەتەوە، وەک دیاردەیەک لە دەرەوەی عەقڵ لێیوانیووە. لەدەرزەمانەوە کەمەگەر غەدری زیری لە شێت Mad کردووە، هەوێداوە لە کەمەگەر وەدەرینێت،ئاوارە و بە پەنایبکات،وەک نەگریس و لاسار دەریخات. ئەوەش هەردەم گوتراوە،کە شێتیی لەخودی خێدا دانایییەکی یەزدانییە؛ بوونی بەرهەمی یەزدانێ و دانایییەک لە بوونەکێدا هەیە. زەرجاریش وابینراوە،کە شێتیی گوناهەکە بێیە وایبەسەرهاتووە. لەگەڵکاتدا مرۆڤ کەسی شێتی وەک کەسێک ناساندووە،کە عەقڵی لەدەستداوە، بێیە بیاری زیندانیکردنیدراوە؛ لەرەوە ترس لە شێتیی دەستیپێکردووە؛ شێت بووە بە کەسێک،کە دەروونناساغە.

بەپێی ئەوبەت لای سەرەوە باسکرا دەپرسین: شێت لە کوێی فەلسەفەدایە؟باشە شێتیی بە فەلسەفە چیدەگەیەنێت؟شێتیی لە کایەی عەقڵدا ئامادەیە؟واتە شێتیی بریتی نییە لە لەدەستدانی عەقڵ؟ شێتیی مەترسییە بەسەر فەلسەفە یان بەپێچەوانەوەیە؟فەیلەسوف فەرمکە لە شێتیی؟فەلسەفە لە شێتیی دەترسێت؟ ئامادەیە دیالەگی لەگەڵدا بکات؟شێتیی خاڵی دەستپێکی گومان نییە؟ بە هەندێک پێیانوایە فەیلەسوفەکانن خودی شێتەکان؟شێتیی ئەوەیە،کە ڕەح جەستەی خەی ناناسێتەوە (لەیجیادەبێتەوە)(دەکارت)؟تۆژەران لە بواری دەروونشیکاریی و پزیشکانی کلینیکیی(لاکان)لەگەڵ شێتیی چییمانپێدەڵێن؟ئەی نەخشیناسیی Pathology و دەرمانسازیی؟

شێتیی چییە؟پرسی شێتیی پرسێکی فەلسەفییە، تەنامانە لە خودی مرۆڤ و ئەو جیهانەی تیایدەژیت. هاوکات پرسی شێتیی ترسیشە لە ئاوابوونی لەژیەک و بیرکردنەوە. لەبەرئەوەی فەلسەفە خەی بە عەقڵ و هەزر لەقەڵەمدەدات شێتیی بە بابەتی خێیدزانێت و وەک دژە فەلسەفەش لەقەڵەمدەدەن. بەئەوەی پەداگیری لەوبکەین، کە شێت ناتوانێت فەلسەفەبکات، سەرەتا پێویستمان بەوەیە بزانین فەلسەفە چییە؟کە

زانیمان فەلسەفە چییە ئەوکات دەزانیین فەیلەسوف کێیە. پاشان لەسەرناسینی شت و شتیی دەوستیین. بەمجۆرە دەکارین شت لە فەیلەسوف و شتییش لە فەلسەفە جیابکەینەوە.

وەک ئایئەوە، بۆپەی هەندێک گوزارەی ڕەوانبێژیی و زمانەوانیی زۆرجار ئەوانەی بە جۆش و خرۆشەوە بە شتێک دەچن پێیاندەگوترێت شت. ئەوەش بە شێت دادەنرێت،کە بەنموونە حەزێکی شێتانەی هەیە بە موزیک ژەنین یان بە شیعر نووسین و... .زۆرکاتیش دەگوترێت کەینی ئەو خانووە بەو نرخە شتییە، چوونە دڵەوە بەم بارانە کارێکی شێتانەیە و خۆشویستی سەرلەبەری شتییە، بەختەوەریی ئەبەدیی خەونێکی شێتانەیە و...هتد. بەڵام ئەو شتییەی لەم نووسینەدا قسەی لەسەر دەکەین ئەم چەشنە نییە لە شتیی.

بۆیە سەرەتا دەپرسیین: فەلسەفە چییە؟فەیلەسوف کێیە؟ فەلسەفە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی سیستماتیکیانە، کە تیایدا ئاوەز کارا و بکەرە. هەروەها بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەشە لە بنەڕەتیترین پرسیارەکان سەبارەت بە زانین، ڕەوشت، بڕهاکان، هۆشیاری و بوون. بریتییشە لە پرسیارکردن لە ڕەچەڵەکی ئەوەی ئەمە بە شتێکی ئاسایی دەزانین و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئارگیومێنتانەشە بە ئەوەی بە شۆڕەیکی قووڵتر لە جیهان تێبگەین.کەوابێت فەلسەفە گیانێکە بە دوای ڕاستی و تێگەیشتن لە جیهان لە ڕێگەی پرسیارە جۆهەرییەکانەوە.

هەرچی فەیلەسوفە ئەو کەسێیە بەشۆڕەیکی شیکارییانە بیر لە پرسە قووڵەکان دەکاتەوە؛ هەوڵی تێگەیشتن لە جیهان، ڕاستی،مانای ژیانی مرۆڤ و پرسیارە بوونگرایییەکان دەدات. ئەم کەسە شێوازێکی ژیان دەژیت،کە عەقڵ و دانایی ڕێنمایی دەکات؛ کەسێکیشە خەریکی بیرکردنەوەیەکی ئاوەزیی و ڕەخنەگرانەیە تایبەت بە مرۆڤ و جیهانەکەی.

هاوکات دەپرسین شتیی چییە؟شتیی ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی عەقڵ ،نەخۆشییەکی دەروونیی یان تێکچوونی دەروونیی. لە ڕابردوودا شتیی وەک سزایەکی یەزدانیی تەماشاکراوە، لەئێستادا وەک بابەتێکی پزیشکیی لێدەڕوانرێت(نەخۆشی دەروونیی، نەخۆشی مێشک، یان کەمئەندامی هزریی).

لێناو شتییدا، بە شێت،هەستێک هەیە، کە جیهان ئاوا نییە،کە عەقڵ دەیبینێت، بەڵکو بوونێکە،کە خودی شتیی دەیبینێت. واتە شتیی

لژێر فشاری واقیعدایە. عەقڵی واقیع عەقڵی شێت نەتدەکاتەوە. شێت بینینی خۆی هەیە، بەس ئەو بینینە مخابن دووچاری بڕیارکەوتن دەبێت لەگەڵ واقیعدا.

بەگومان فەلسەفەیەک تایبەت بە شێتیی بناوی فەلسەفەی پزیشکییدڕوونیی بوونی هەیە،کە قاچێکی ئەم فەلسەفەیە لەناو فەلسەفە و ئەویتری لەناو پزیشکیی دڕوونییPsychiatryدایە،کە ئەمیش کاری لەکەینەوەیە لە دڕوونپەرشانیی psychosis. لەمبارەیەوە دەینەوسەر فیلسوفی ئەمانیWouter Kusters،کە پێیوایە لەکەینەوەی فەلسەفیی لەمڕۆ دڕوونبیماریی psychosis،هەبازێکی باشتر و کەمتر لایەنگرانەیە لە چاو زۆرێک لە تیۆرییە دڕوونی و پزیشکییەکان.

پزیشکی کلینیکیی چۆن بڕیار لەسەر دۆخی شێتیی دەدات؟بەپێی گۆڕە بیریار و پزیشکییدڕوونی فەرەنسی ژاک لاکان Lacan شێتیی "لە بنەڕەتدا بڕەهەمی عەقڵ و زمانە، نوێنەرایەتی شکستی دڕبڕین دۆکات،کە بەهەیەوە ناسنامەی خود و قسەکردن دەمەت یان دەبێتە وێنە.دەکرێت شێتیی وەک"ئەگەرێکی هەمیشەیی" لەناو خودگەرایی مرۆڤدا تێبگەین، کە لە بەشایی نەوان بوون و ئەوەی کە پێیوایە، سەرچاوەی گرتووە و دەتوانێت وەک"غیابی ئادیکان" لە فەرمکانی پێکهاتەیی زمان و ئەزموون دڕبکەوێت".

لاکان شێتیی دەبەستێتەوە بە تێکچوونی ئامرازەکانی خۆدڕبینەوە، کە بە پلەی یەکەم لایەن زمانەوە پێکهێنراوە.کەوابێت، کاتێک شێتیی دێتە زمان،گوزارەکردن کەتایەت. واتە،شێتیی ئاماژەیە لەسەر شکستی زمان. بەپێ لاکان دەڵێت:شێتیی دیاردەیەکە دەتوانرێت لە ڕووگەی زمانەوە لێتێبگەین، نەک لە دڕوەی زمان. بەپێی لاکان شێتیی لەژیکی خۆی هەیە و ئەوەش بە"لەژیکی شێتیی"ناودەبات.ئەو پێیوابوو،شێتیی نامە نییە بە عەقڵ، بگرە ئەوە عەقڵە بە شێتیی دادەڕژاوە.

کەتا گوتن لەبارەی ئەوەی شێت توانای فەلسەفاندنی نییە، ئەوەیە کە خودی فەلسەفە جڕێک نییە لە کارەکی شێتانە؟ گەر فەلسەفە بیرکردنەوە بێت، شێت ئەو کەسە نییە کە بیرناکاتەوە؟ لەناو کۆگیتۆی(من بیردەکەمەوە) دەکارت Descartesدا شێت جێگایناببێتەوە.چونکە شێت بیرکردنەوەی نییە. دەکارت شێتیی لە فەلسەفەکەی دوردەخاتەوە؛ فەلسەفەی دەکارت کە، بڕیتییەلە(من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)ئەمە بەو مانایە نایەت، کە شێتیی

ناتوانێت فەلسەفەبکات؟ بیرکردنەوە لای شت باریکردووە، کەوایە چۆن شت فەلسەفەدەکات، کە بیرکردنەوەی نییە. دەکارت بە بەپیامگەیاندنی فەلسەفەکەی پەویستی بە شت نییە. "شتیی دژە فیلەسوفە، کە لە ڕۆگەی گومانی میتۆدیەوە دەگاتە دنیایی بوونیخەی وەک بوونەوەرکی بیرکەرەوە"". دیدی دەکارت بە شتیی گفتوگۆی گەرمی خستنەوان فوکۆ و دەریداوە…

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

شکسپیر لەدڕاوەی بازنەی نووسین چی تر بووە ؟.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

ڕەنگە زۆربەمان شکسپیر وەک گەورە نووسەرکی جیهانی بناسین، بەڵام کەمتر ئەوە دەزانین کە لە پاڵ نووسیندا ، شکسپیر ئەکتەرکی کارامە بووە و ڕۆَی نواندنی لەچەندین شانۆگەریدا بینیووە و چەندین شانۆگەریشی بە شانە دەرهێناوە.
ئامانجی سەرکی شکسپیر لە نووسینەکانیدا ئەوە بووە، ئەو نووسینانە بکرێنە شانۆگەری و لەسەر تەختەی شانۆدا نیشانی بینەر بدرێن، نەک هەر تەنها دەقەک بن بە خوێندنەوە .
یەکەک لەبەهێزترین بەڵگەکانیش بە سەلماندنی ئەوەی شکسپیر ئەکتەر بووە، ڕاخنەیەکی تووندی نووسەرکی هاوچەرخی خۆیەتی بەناوی (ڕۆبەرت گرین – Robert Greene) کە لەساڵی 1592 دوای بینینی نمایشی (کەترەکی ساوا) لە وتارەکدا سووکایەتیی بەشکسپیر دەکاو دەڵێت:
ئەو ئەکتەرە (مەبەستی شکسپیرە) وا دەزانێت دەتوانێت بەو دیمەنە بمان هەژێنێ .
ئەمەش ئاماژەیەکە بەوەی (شکسپیر) هەر لەسەرتاوە شکسپیر ئەکتەر بووە و دواتر دەستی داوەتە نووسین ، بەڵام نووسەرانی ئەکادیمیی ئەو سەردەمە وەک (گرین) پێیان خۆش نەبووە ئەکتەرێک دەست بە قەڵەم بەرێت.

هەروا لە چاپی یەکەمی بەرهەمەکانی شکسپیردا کە لە ساڵی ١٦٢٣ بڵاوکراوەتەوە، لە لیستی ئەکتەرە سەرەکییەکاندا ناوی (ولیەم شکسپیر) لە پێزبەندی سەرەوەدا هاتووە.
ئەمەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە کە ئەو پیشەی سەرەکیی نواندن بووە.
هەروا دەبێ ئەوەش بزانین کە (شکسپیر) هەر تەنها لە شانۆگەرییەکانی خۆیدا نواندنی نەکردووە، بەڵکو ئەکتەرێکی پیشەگەر بووە لە گرووپی (Lord Chamberlains Men).
لە دوو بەرهەمی گرنگی هاوڕێ و هاکاربەرەکەی (بەن جەنسن) شکسپیر وەك ئەکتەر ڕۆڵی بینیوە. بەپێی تۆمارەکان، ئەو لەشانۆگەریی (هەر پیاوەك لە نوکتەی خۆیدا Every Man in His Humour (ساڵی1598) و شانۆگەریی (کەوتنی سیجانەس Sejanus His Fall ساڵی 1603 وەك ئەکتەر بەشدار بووە.
بەڵام لەبەرهەمەکانی خۆشیدا چەند بەشداری کردنێکی هەبووە، (وەك ئەوەی (نیکەلاس ڤێ) کە یەکەم ژیاننامەنووسی شکسپیرە باسی دەکات:
شکسپیر زیاتر ڕۆڵی شاهانە، کەسایەتییە بەتەمەنەکان، یان ڕۆڵە لاوەکییە کاریگەرەکانی بینیوە .
ڕەنگە بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەنووسین و بەڕێوەبردنی تیپەکەی، ڕۆڵی پاڵەوانی و سەرەکی وەك (هاملێت) ی نەبینیووە ، بەڵام بە پێی دەرفەت چەند ڕۆڵێکی لاوەکی بینیووە لەوانە:
تارمایی باوکی هاملێت لە شانۆگەریی هاملێت.
زۆرێك لە سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کەکن کە شکسپیر خۆی ڕۆڵی (خۆو) کەی بینیوە کە داوای تەڵاق لەکوڕەکەی دەکات.
هەروا ڕۆڵی ئادەم (Adam): لە شانۆگەریی (وەك ئەوەی ئارزووی دەکەیت).
هەندێ لەکۆڵەریش پێیان وایە شکسپیر خۆی لەبەشی یەکەم و دووەمی شانۆگەری (هێنری چوارەم) دا، خۆی ڕۆڵی پاشای بینیوە.
شکسپیر وەك دەرهێنەر
بەر لەهەموو شتێ کاتێ باس لەلایەنی دەرهێنان دەکەین لای شکسپیر، دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە لە سەردەمی ئەلیزابێسدا چەمکی (دەرهێنەر (Director) بەم مانایەی ئەمڕۆ نەبووە، بەڵام لە کاتی خۆیدا شکسپیر بە کردەوە ئەو ئەرکانەی بەجێ گەیاندووە کە دەرهێنەرانی ئەمڕۆ بە جێی دەگەیەنن ، لەوانە :
ئاڕاستەکردنی ئەکتەرەکان
لەو سەردەمەدا، نووسەری دەقەکە و ئەکتەرە سەرەکییەکان پێکەوە بەیاریان لەسەر جووڵە و شێوازی ئیلقا دەدا.
شکسپیر وەك نووسەرو هاوبەشی سەرەکی سەرپەرشتیاری نمایشکانی کردووە.

وانەکانی نواندن
باشترین بەگژ بە ئاوەی بیستەلمنین (شکسپیر) تەوانینی دەرهێنەرانەی هەبووە، دیمەنی دووەم لە پەردەی سێیەمی شانۆگەریی هاملێت.
کاتێك هاملێت ئامۆژگاریی ئەکتەرەکان دەکات و پێیان دەڵێت:
وا هەستەکان بکەن، وەك چۆن من بەم خوێندنەوە.
ئاگاتان لەوە بێت هەواو ئارەزووی خۆتان تێکەڵ بە نمایش نەکەن… دەستەکانتان زۆر بە هێواداً مەوەشێنن.
ئەمە ئامادەکردنی ئەکتەرو فەرمی خودی شکسپیرە وەك دەرهێنەرێك کاتێ دەنمایی ئەکتەرانەی تیپەکەی (Kings Men) دەکات ، کە چۆن لەسەر شانۆ نواندنی سروشتی بکەن و خۆیان لە زێدەڕۆیی وەهەچوون بدوور بگرن.
شکسپیر وەك بەڕێوەبەری هونەری و خاوەن پشك
سەردەمێك (شکسپیر) خۆی خاوەنی شانۆی گلۆب (The Globe Theatre) بوو، ئەو شانۆیەی شکسپیر ساڵی 1599 بوو بەیەکەك لە خاوەن پشکەکانی ئەو تیپە .
ئەم بە پشك بوونە وایکرد، ئەو تەنها کرێکارێك نەبێت بە نووسینی دەقی شانۆیی ، بەڵکو بەِیاردەر بووە لەوەی چی نمایش بکرێت؟
کێ ڕۆڵ ببینێت؟ یان چۆن پارە خەرج بکرێت؟
ئەم پێگەیەی (شکسپیر) لە تیپ ، دەسەڵاتی تەواوی پێدابوو کە دەقەکانی بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت لەسەر تەختە بڕجەستە بکرێن، ئەمەش جۆرێك بوو لەکاری دەرهێنان.
بگشتی شکسپیر لە دۆخەوەی بازنەی نووسین، پیاوەکی پراکتیکیی بووە لە شانۆدا.
ئەو زانیوێتی ئەکتەر چۆن هەناسە دەدات، جۆماوەر لە کوێدا بەزار دەبێت، تەختەی شانۆ (ستێج) چۆنێ بڕگۆ دەگرێت و ریتمی شانۆ چۆن بەرز دەبێتەوەو چۆن دادەبەزێ .
وەك دەرهێنەر هەرچۆنێ نازناوەکە وەك خۆی بوونی نەبووە، بەڵام لە ڕۆگەی ڕاهێنانی ئەکتەرەکان و سەرپەرشتی گرووپی (King’s Men)، بە پراکتیك کاری دەرهێنانی کردووە.
زۆربەی کارەکانیشی لە شانۆی (The Curtain)، (The Theatre) و دواتر لە (The Globe) و (Blackfriars) لە لەندەن نمایش کراون .
توانستی شکسپیر وەك ئەکتەر
یەکەم ئاماژەی ڕەخنەیی بەرامبەر شکسپیر لەلایەن (ڕۆبەرت گرین) ی هاوچاخی بوو، کە نووسەرەکی ئەکادیمی بوو.
لە نووسینەکەی دا، شکسپیری بە قەڵەشەکی تازەپێگەیشتوو ناوبرد, (گرین) لەوە تووڕە بوو کە چۆن ئەکتەرێك بوونی هەیە ،

بەئاستەکی نزم هەوە بدات دەست بە نووسینی دەقی شانۆیی بکات .
ئەمش هەمدیسان ئەوە دەسەلمێنێت کە شکسپیر سەرتا وەك ئەکتەرەکی دیار دەرکەوتووە پێش ئەوەی وەك نووسەرەکی گەورە بناسرێت.
هێنری چێتێ (Henry Chettle): کەمێك دوای هەرشەکەی گرین، داوای لێبووردنی کرد و ستایشی شکسپیری کرد و گوتی:
شکسپیر لەو هونەرەی کە بانگەشەی بە دەکات (واتە نواندن)، زەر نایابە.
ئەم بۆچوونەیەکی بەهێزبووە لەوەی کە شکسپیر خۆی لەخۆیدا وەك ئەکتەرەکی بەتوانا و ڕێز لێگیراو سەیر کراوە.
بێن جۆنسن (Ben Jonson): هاوڕێ و کابرای شکسپیر، ناوی شکسپیری لە لیستی ئەکتەرانی شانۆنامەکانی خۆیدا (وەك Every Man in His Humour) نووسیوە.
بە گشتی ڕەخنەگرەکان و ژیاننامەنووسانی سەدەی حەڤدەو هەژدە (جەیمس ڕایت) ئاماژە بەوە دەکات کە شکسپیر ئەکتەرەکی باش بووە، بەڵام نووسینەکەی زەر باشتر بووە لە نواندنەکەی.
(نیکەلاس ڕۆ) کە یەکەم ژیاننامەنووسی فەرمی شکسپیرە دەڵێت:
هەرچەندە بەدواداچوونم کردووە، بەڵام نەمتوانیوە بگەمە ئەنجامەکی گەورەتر لەوەی کە لووتکەی نواندنی ئەو لە ڕۆڵی (خەوەکە) بووە لە شانۆنامەی هاملێتدا.
ئەم وا لەك دەدرێتەوە کە شکسپیر لەسەر تەختەی شانۆ خاوەنی دەنگەکی کاریگەر و ئامادەبوونەکی هەمن بووە، نەك جووڵەی زەر و هاوارکردن.
ئەی لەبەچوونی مەدەرنی ئەمڕۆ چۆن سەیر کراوە ؟
تەوژمرانی ئەمڕۆ وەك (پیتەر ئاکرۆید و ستێفن گرینبلات) پێیان وایە:
شکسپیر لەبەر ئەوەی خۆی ئەکتەر بووە، دەیزانی چۆن دەق بنووسێت، هەم ریتمەکی بەهێزی هەبێت،هەم پەمانا بێت و لەسەر زاریش ئاسان بێت .
زەربەی ڕەخنەگران کەکەن لەسەر ئەوەی: ئەگەر شکسپیر ئەکتەر نەبوایە، نەیدەتوانی بەو شێوە زیندووە دیالۆگ بنووسێت.
ڕەخنەگرەکان بەبۆچوونە دەیسەلمێنن کە شکسپیر خۆی خوێندنگەیەکی نواندنی ڕیالیزمی بووە، هەمیشە دژی نواندنی دەستکرد و زیدە ڕۆیی بووە لەنواندندا.

نا□زایەتیە چینایەتیەکان لە نێوان بەرداشی دەسەڵاتداریەتی دوو ژنی ئەلیگارشیدا.. سابیر محەمەد

ئەگەر لە هەرێم و لەناو کوردستاندا چینی کرێکار بوونی نیە ، وە شەی چینایەتی بیدعەی کۆمۆنیستەکانە !
ئەگەر وایە ئەوە چ هەژمارێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتیە کە کارگەو کارخانەو پاڵاوتگاو پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئەم ناوچەیەو عێراق ئەبەن بەڕێوە، وە ژمارەیان لە تەواوی عێراق و هەرێمدا ئەگاتە نزیکەی زیاتر لە ١٥ ملیۆن کرێکار ؟
ئەم پەیوەندی بەرهەمهێنانەی سەرمایەداری لە هەرێم و عێراق، شێوەکی چینایەتی وە نا□ازایەتیەکی بەرینی بەدوای خۆیدا هێناوە، وە لە چەندین نەبەردی جەراو جەری چینایەتیدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دوو ژنی ئەلیگارشی قۆمیانەی کورد، و دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستانەی تائیفی لە عێراقدا دەستوێخە بوونەتەوە، لە چەشنی ، هەڵچوونە جەماوەریەکەی ١٧ ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ شاری سلێمانی، و ڕاپەڕینی قارەمانانەی تشرینی ساڵی ٢٠١٩ شارەکانی ناوەڕاست و باشوور و بەتایبەت شاری بەغدا، هەروەها نا□ازایەتیە جەربەجەرەجەماوەریەکانی تر سەبارەت بە مووچە و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان.
خاڵی لاوزای ئەم شێوە چینایەتی و نا□ازایەتیانە، ئەوەیە کە تا ئێستا جەوهەکەی لەدەستی خۆیاندا نەبووەو نیە، وە ئەم نا□ازایەتیانە لە ژێر کارگرد و دەستوەردانی ئەجیندای حیزبی دەسەڵاردارانی قەومی و لەبەڵی و ئیسلامیەکان و شەی بەرژەوەندی ئەم دوو ژنە نەخشە بە کێشراوی هەرێم و عێراقدان بەڵەدا براون و بەقازانجی ئەجیندای حیزبی ئەم دەسەڵاتدارانە شکاونەتەوە ، وە چەپە بەرژواکانیش تەنها پاشکێیی وخەساندنیان لەگەڵ سیاسەتی ئەحزابە بەرژوا- کۆمبرادۆرەکان بە ماوەتەوە، لە ناو جەنگی ئەم ململانێ و شێوە چینایەتیانەدا .

ئەمش لەبەر نەبوونی هێزێکی ناکۆکخراووی چینایەتی و سیاسی کە هەڵگری ئامانج و خواستەکانی ئەم جەماوەرە ستەمدیدە بێت تا بتوانێت ئاراستەی ئەم ناڕەزایەتیانە بۆ قازانجی خودی شۆڕشی سەرتاسەری و چینایەتی ئێوان سازمان بدات، وە هێگڵ لەوە بگرێت کە چیتر ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە چینایەتیە سەرتایی و جەربەجەرانە نەبنە سووتەمەنی ململانێ و ناکۆکی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە ئەلیگارشیە ملیاردێریەی زێنی زەردو سەوز وە تەواوی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی عێراق کە وابەستن بە بەرژەوەندی سەرمایەی ئیمپریالیستی جیهانی و مۆنۆپۆڵەکانیان.

قەیرانی ئابووری بۆنەما و سەرچاوەی قەیرانە سیاسیەکانن

لە دوای ئۆنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراقی ئەم دواییانەوە ، گرژی و ئاڵۆزی و کێشە و ململانێکی سەخت لە نێوان تەواوی لایەنە سیاسیە جەرەکانی هەرێم و عێراق سەریان هەڵداوە، لەسەر مەسەلەی دابەشکردنی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان، هەربۆیە ئێستا لە بۆغدا کێشمەکێشکی گەورە هەیە لەسەر هەڵبژاردنی (سەرکی ئۆنجومەنی وەزیران) ، بەتایبەت لەنێوان محەمەد شیاع السودانی و نوری المالیکی دا.
یەکێک لەو کێشەو ململانێ بریتی بوو لە ، تێپباران کردنی پاڵاوتگەی کەرو مەر بوو، کە لە نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێم لە لایەک، و میلیشیا ئێرانی و دەسەڵاتە تائیفیەکەی بۆغدا سەریان هەڵدا .

ناڕەزایەتیەکانی گوندەکانی لاجان، کە لە ڕۆژی ٢٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ دا، کە بەهۆی ئاکامی قەیرانەکەوە و درێژەنەکێشانی هەڵبژاردنەکانیان ، بووە مایەی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی کرێکارانی پاڵاوگەی لاناز ، دژ بە بێکاری و خراپی هەلومەرجی کار لە پاڵوگەکەدا، هەروەها داوای ڕاخساندنی هەلی کارو ، هەر کارکردێکی خراپی ژینگەیی کە ئەم پاڵاوگەیە هەناویەتە ئاراوە، بە سەر ژیان و تەندروستی خەڵکی چوسواوی ناوچەکە ، وە وەڵامی دستوەردانی ئۆجیندای حیزبی هەردولای زێنی زەردو سەوزو و دەسەڵاتە خەڵکی و عەشیرتیەکانیان ، ناتوانێت ئەو ڕاستیە بشارێتەوە کە ئەم ناڕەزایەتیانە بەشکن لە پێکدادانێکی چینایەتی لەو ناوچانەدا.
بەگومان خۆپیشاندانی چینایەتی و ناڕەزایەتیەکان بە بە هەزری میتۆدی ڕاخرابوونی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانە ، توانای چوونە پێشەوەو سەرکەوتنیانیە .
ڕۆشنبیرانێکی چەپی ووردەبەرژوازی کە دژ بەم میتۆدیە سیاسیەن ،

وەدژبەکخراوبوونی سیاسی چینی کرێکار و چەوساوەکان ئەوستنەوە ، وە بە شان و باڵی ناڕازایەتیە خەباتگێڕانی لەم جۆرە هەڵئەدەن، بەدوور لە ئامانجی ڕێکخراوبوونیان ، هیچیتر نیە، بەجگە لە زیادبوونی ڕەشبینیانە و شان خاڵی کردنەوە لە خەباتی کۆمۆنیستی .
هەوڵها هاوکاری و پشتیوانی چەپە بۆرژواکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەو بۆمبەن و ئامانجە درێژخایانەی کە پێش هەڵبژاردنەکە بەرزیان کردبووە ، خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە خۆ کردنە چاوی جەماوەری چەوساوەی ئەم دەقەرانە و، وە بەلادا بردن و بەچەکدادانی خەباتی چینایەتی ئەوانە، لە ڕێگەی بانگەشەو داواکردنی ئەوەی ، کە پێویستە ئەنجامدەرانی تەقەکردن لە خۆکی گوندی لاجان بدرێنە دادگا !
بەم پێیە ئەوان دادگاکان و یاسا کۆنەپەرستیە ئاینی و خۆکیەکانی عێراق و هەرێم، کە بریتین لە بناغەو سەرچاوەی چەوساندنەوەی چینایەتی و سەپاندنی نا دادپەروەری بەسەر جەماوەری ستەمدیدەدا، بە جۆگەی متمانەو فریاد ڕەسی جەماوەری چەوساوە لە قۆناغەم ئەدەن، بە چارەسەرکردنی ئەم جۆرە دەستدرێژی و سەرکوتە چینایەتیە خوێناویەی دەسەڵاتدارانی بۆرژوا- کۆمبرادۆری عێراق و هەرێمە دوو زێنیکەی ، وە خۆی لە خۆیدا پەیامێکە بە خودی دەسەڵاتدارانی زێنی زەرد کە ئەوان وەک (چەپێکی بۆرژوازی) دژ بە بنەما سەرکیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و یاساکانی نین .
خەباتێکی چینایەتی سەرتایی و پە لە تەنگوچەڵەمەی سیاسی وتەکنیکی بە بیروبۆچوونی ئاینی و عەشیرەتی و خێڵەکی و ئیفرەمیستی کە لە ئاراداید ، هەزی سیاسی و ڕێکخراوی تێکۆشەری سەر بە میتۆدی شۆڕشگێڕانەی مارکس ئەخوازێت ، بەگومان ئەم خەباتە لەکاڵی و ناوچەیی نیە، بەڵام لەهەمان کاتدا تێکۆشەرانی لەکاڵی خۆی ئەخوازێت .



و.سابیر
٣/ ١٢ / ٢٠٢٥

گەمژەیەك لە دیداری تیرۆرستێكدا!.. سەدیق سەعید وەندزی

گەر بە مژووی هەبژاردنەكانی ئەمەریكا دابچینەوە، دەبینین لە هیچ سەردەمێكدا، ئەم وڵاتە، سەركێكی گەمژە و هەرزەی سیاسی و هەڵسوكەوتكاری وەك تەمپی بە خۆوە نەبینیوە، بۆیە كاتێ جارێكی دیكە هەبژێردرایەوە، هاوڕێی هێژام كاك گۆران هەڵەبجەیی، لە وتارێكی جواندا نووسیبووی (گەمژەكانی ئەمەریكا، سەرۆكە گەمژەكەیان سەرخست) كەسانێك، كە هیچ شارەزایەكیان لە مژووی هەبژاردنەكانی ئەمەریكا و سیستەمی ئەو وڵاتە نییە، كەوتنە خنە و توانج لە هاوڕێ گۆران كە چۆن دەنگدەرە ئەمەریكییەكان بە گەمژە ناو دەبات؟ بەڵام لە ڕاستیدا، ئەم ناساندنە نەك لە جێی خۆیەتی، بەكو نیشانەی قووڵبوونەوەی نووسەری وتارەكە و تێگەیشتنیەتی، لە هەندی مژووی سیاسەت و هەبژاردن لە ئەمەریكا. تێستێی دەت:

(گەمژەکان هەمیشە براوەن، چونکە زۆرینەن) . بۆیە من هەر لە ساڵی دوو هەزار و شانزە، کە تەرەمپ بووە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەو کات لەوتارێکمدا، کە لە کوردستانی نوێ باوم کردەوە، باسم لەوە کرد کە ئەم پیاوە، نەك شیاوی ئەوە نییە ببێتە سەرۆکی زلهێزترین وڵاتی دنیا، بەڵکو گەمژە و کاڕەکتەرێکی سیاسییە و نازانێت پێتەکێ و هاوسەنگی کارپێکراوی سەرۆکەکانی پێشووتری ئەمەریکا چین و چۆن بوونە؟! گەر بەراوردی هەر چەندە شایەن بە بەراورد نییە، ئۆباما و کلنتۆن، بۆش و کەنەدی بە تەرەمپ بکەین، ئەو کات دەزانین ئەم پیاوە شیاوی ئەوەیە سەرۆکی ئەمەریکا بێت یاخود نا؟

بە داخەوە تەرەمپ چانسێکی باشی هەبوو، کە لە هەردوو خولی هەڵبژاردندا، کۆبڵکێکی سەرکایەتییەکەی ژنێك بوو، لە مێژووی ئەمەریکاش، کە بەراورد بە ئینگلیز و فەرەنسی و و سوێدییەکان گەلێکی هوشیار و ڕۆشنبیر نینە، هیچ ژنێك نە بێتە سەرۆکی ئەمەریکا، ئیدی ئەمە دەرفەتی لە بەردەم ئەو سەرمایەدار و بازرگانە ڕەخساند، کە سەرکایەتی ئەمەریکا بباتەوە. ڕەفتار و هەڵسوکەوت و زمان و دەربڕینەکانی تەمپ، زیانی زۆریان بە ناوبانگ و مێژووی سیاسی ئەمەریکا گەیاند ! ئەم پیاوە، جارێك پەنابەران بەگەمژە ناودەبات، جارێك باسی لکاندنەوەی کەنەدا بە ئەمەریکا دەکات، دواتریش جۆن بەگەلی مەکسیك دەدات ! جارێك بە سەرۆکی مۆریتانیا دەڵێت قسەکانت کەمبکەوە، تەنها دەرفەتی ئەوەت هەیە، ناوی خێت و وڵاتەکەت بڵێی، وەك مامۆستایەك لە بەرانبەر خوێندکارەکانی دەردەکەوێت، کەچی دەست بە ڕیشی ناموباڕەکی شەرع دادەنێت ! ئەم گەمژەیە، جارێك ڕۆژنامەنووسان دەردەکات، جارێکی دیکەش بە وتەبێژە جوانەکەی خێی دەڵێت ناچیت لەگەڵ سەرۆکی هەنگاریا کار بکەیت؟ ئەمانە و دەیان ڕەفتاری هەرزانەی تر و بەداخەوە دواین کاری گەمژانەشی ، پێشوازیکردنی بوو، لە سەرۆکێکی تیرۆرست، کە خێی و بە ڕە ئیسلامی و تیرۆرستییەکەی دەستیان سووڕە بە کوشتنی هەزاران کەسی سڤیل و کوردیش، کە ئەویش ئەحمەد شەرعی سەرۆکی سوریایە. شەرع، بە داخەوە سەرکەوتوو بوو لەوەی کە لەو دیوگوتارە ئیسلامی و تیرۆرستییەکەی، جارێك لە سیناریۆی بە ناو کرانەوە نمایشی بکات و لەو پەراوێزەوە، دەرگای گەانەوەی بۆ نێو جیهانی عەرەبی و کۆمەڵگەی کوردی بە سەر دا کرایەوە. ئەم بە ناو سەرۆکەی ئەمڕۆ و داعشەکەی دوێنێ، لە کاتێکدا دەیەوێت گوایا سوریا وەك وڵاتێکی کراوە و نوێ و دیموکراسی پیشان بدات، کەچی بەو دیودا هێزە ئیسلامییەکانی سەرقاڵی ئەتککردنی ژنانی کورد و دورز و کریستیان و تیرۆکردنی هەموو ئەو دەنگە جیاواز و ئازادی خوازانەیە، کە لە دەرەوەی ناسنامەی شۆفێنی عەرەبی و داعشی و

ئیسلامین.
دەستووری نوێی سوریا، ئاماژە و لێگەڕانی، بە ناو کەنگرە ئاشتەوایی و هەوڵدان بۆ دانانی یاسایەك کە سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامییە، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە سوریای نوێ، دەسەڵاتێکی ئایینی و ئیسلامی و شۆفێنی عەرەبی دەبێت و هەر ئەوەندە پایەکانی دەسەڵات پتەو کران، ئیدی بە گژ هەموو پێکهاتێکی ئەتنیکی و نەتەوەیی و ئایینی جیاواز دادەچێتەوە و هەموو دەنگێکی ئازاد و سەربەستیش لە نێو دەبات. بۆیە بۆوام وایە گەر تره‌مپ نەبووایە، هەر کەسێکی دیکە سەرکی ئەمەریکا بووایە، ئامادە نەبوو پێشوازی لە شەرع بکات، کە هێشتا ساڵێك بە سەر دەسەڵاتە ئیسلامییەکی تێنەپەڕیوە، کەچی ئەو وڵاتەی کردێتە زیندانێك بۆ ئەو نەتەوەوەو ئایینانەی عەرەب و ئیسلام نین. بۆیە کەمەگەی نێو دەوڵەتی، دەبێ بە ئاگا بێتەوەوە ئەو ڕاستییە لە بیر نەکات کە شەرع، سەرکی بەرەی ئەحرار شامی ئیسلامی و تیرۆرستین.